# t’ È|ÿýøż

بۆ

قۆناغی سێیەم

م. ژیان عەبدولکەریم

# (( بەهار و جەژنی نەورۆز))

وانەی پێنجەم

هەر ساڵێک چوار وەرزە : بەهار، هاوین، پاییز، زستان. ڕۆژی یەکەمی بەهار، ڕۆژێکە زەوی سووڕانەوەی ساڵانەی خۆی بە دەوری خۆردا دەست پێ دەکاتەوە . یەکەمین ڕۆژی مانگی نەورۆزە ئەم ڕۆژە جەژنی نەتەوەی کوردە ، جەژنی ئازادی و خۆشییە.

ژن و پیاو لەم ڕۆژەدا دەچنە سەیران، ڕۆژەکە بە کەیف و خۆشی و هەڵپەرکێ و گۆرانی ڕادەبوێرن لە سەر چیاو گردۆلکەو، بەردەمی ماڵەکان و پانتایی شارەکاندا ئاگری نەورۆز دەکەنەوە. لە بەهاردا دەشت و دەر، کێو و کەژ، هەمووی سەوز و، بە گوڵ و نەسرین و گوڵاڵە و وەنەوشە و نێرگز هەڵدەگەڕێ، چەم و ڕووبارەکان هاڤە هاڤ و هاژەیان دێ.

لە بەهاردا، سروشت وەکو بووکێکی ، نازەنین و شۆخ و شەنگ خۆی دەڕازێنێتەوە.

| هاوواتا | دژواتا |
| --- | --- |
| وەرز = کەش | چیا × دەشت |
| زەوی = خاک | شار × دێ |
| سوورانەوە = بە دەوراچوون | |
| خۆر = هەتاو = ڕۆژ | |
| ئازادی = سەرفرازی | |
| خۆشی = شادی = بەختیاری | |
| سەیران = گەشت | |
| ڕادەبوێرن = بەسەردەبەن | |
| چیا = شاخ = کەژ = کێو | |
| بەردەم = بەرانبەر | |
| ماڵ = خانوو | |
| دەشت = دەر | |
| هەموو = گشت | |
| ڕووبار = زێ | |

**ڕاهێنان(١)**

نێشانەی(√) دابنێ بەرامبەر هەر ڕستەیەک ئەگەر ڕاست بێت ، ونیشانەی ( × )دابنێ ئەگەر هەڵەبێت ، ئەنجاهەڵەکان ڕاست بکەوە.

١ـ لە نەورۆز ژن و پیاو دەچن بۆ دام و دەزگاکانیان .

٢ـ خەڵکی ڕۆژی نەورۆز بە ناخۆشی بەسەر دەبەن.

٣ـ لە بەهار دەشت و دەر ووشکە.

٤ـ نەورۆز دەکەوێتە یەکەمین ڕۆژی هاوین.

**ڕاهێنان(٢)**

ئەم ڕستانەی خوارەوە بگۆڕە بۆ ڕستەی پرس:

١ـ ژن و پیاو لەم ڕۆژە دەچنە سەیران. (کوێ)

٢ـ ڕۆژەکە بە کەیف و خۆشی و هەڵپەڕکێ ڕادەبوێرن .(چۆن)

٣ـ لەبەردەمی ماڵەکان و پانتایی شارەکان ئاگری نەورۆز دەکەنەوە. (لە کوێ)

٤ـ لە بەهار دەشت و دەر و کێو و کەژ سەوزە. (کەی)

٥ـ یەکەم ڕۆژی بەهار زەوی سووڕانەوەی ساڵانەی خۆی بە دەوری خۆردا دەست پێ دەکات. ( کەی)

ڕاهێنان(٣)

**وەڵامی ئەم پرسیارانە بدەوە**

١ـ لە نەورۆز خەڵکی بۆ کوێ دەچن؟

٢ـ نەورۆز جەژنی کێیە؟

٣ـ نەورۆز جەژنی چییە ؟

٤ـ خەڵکی ڕۆژی نەورۆز چۆن ڕایدەبوێرن ؟

٥ـ لە کوێ ئاگری نەورۆز دەکەنەوە؟

٦ـ لە بەهار زەوی چۆن دەبێت ؟

٧ـ یەکەم ڕۆژی بەهار چی دەست پێ دەکات ؟

٨ـ زەوی سوورانەوە ساڵانەی خۆی بە دەوری کێدا دەست پێ دەکات؟

٩ـ نەورۆز کەییە؟

١٠ـ کەی زەوی سوورانەوە بە دەوری خۆردا دەست پێ دەکات؟